# بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان پێش درۆن و پاش درۆن

20-07-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** رۆژانی 14 بۆ 16ـی تەمموز 2025 کێڵگە نەوتییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک بە درۆنی بۆمبڕێژکراو کرانە ئامانج، تاوەکو ئێستاش درۆنبارانکردنی سنووره جیاوازەکانی ئەم دوو پارێزگایە بەردەوامە و رۆژ بە رۆژیش ژمارەکە روو لەزیادبوون دەکات، سەرەڕای لێدوانەکانی ئەمریکا، عێراق و داواکاریی هەرێمی کوردستان بۆ راگرتنی هێرشەکان.


رۆژانی 14 بۆ 16ـی تەمموز 2025 کێڵگە نەوتییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک بە درۆنی بۆمبڕێژکراو کرانە ئامانج، تاوەکو ئێستاش درۆنبارانکردنی سنوورە جیاوازەکانی ئەم دوو پارێزگایە بەردەوامە و رۆژ بە رۆژیش ژمارەکە روو لەزیادبوون دەکات، سەرەڕای لێدوانەکانی ئەمریکا، عێراق و داواکاریی هەرێمی کوردستان بۆ راگرتنی هێرشەکان.

ئێستا دوو لەسەر سێ زیاتری بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان راگیراوە و کۆمپانیاکان و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئاماژە بە زیانێکی گەورە لەژێرخانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەکەن، کە ئەمەش لێکەوتەی راستەوخۆی هەبووە لە بازاڕدا و بۆ هەر تۆنێک لە بەرهەمە نەوتییەکان(17-07-2025) نزیکەی 30 بۆ 40 دۆلار گرانتر بووە و ئەگەریش ئەم دۆخەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا نرخەکان زیاتر بەرزدەبنەوە.

هەروەها کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان دابەزیوە و رۆژانە گەیشتووەتە 101 هەزار و 680 بەرمیل، کە ئەمەش نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە چارەکی دووەمی 2015ـەوە.

پێش درۆن ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە 12 کێڵگەی نەوتی و گازی لە هەرێمی کوردستان 328 هەزار بەرمیل بووە، کە 15 هەزار و 819 بەرمیلی گازی کۆندینسەیتی کۆرمۆر بووە. ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەوەی دانەگازیشەوە 101 هەزار و 680 بەرمیل نەوتە.

خشتەی یەکەم: کۆی گشتی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت پێش و پاش درۆن لە 2025



ئەم هێرشانە کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان لەسەر چیرۆکی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە ئەم هێرشانە لەکاتێکدایە لە مانگی ئازاری 2023ـەوە، هەموو پەرەپێدان و وەبەرهێنانێکی نوێی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان وەستاوە. ئێستا ئەم هێرشانە ژێرخانی ئێستای کۆمپانیاکانی کردووەتە ئامانج و بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و گەیشتنی بە سفر لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوە لەسنووری هەولێر و دهۆک. بەپێی پێشکەوتنەکان لە داهاتوودا، ئەگەر دامەزراوەکانی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە بکرێت بە ئامانج بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، ئەوا ئاستی بەرهەمهێنان بە دڵنیاییەوە لە تەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگاتە نزیکەی سفر.

هەروەها مەبەستی پشت ئەم هێرشانە ئاڵۆز و جۆراوجۆرە. بەشێوەیەکی سەرەکی، ئامانجیان ژێرخانی پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان بووە، نیشاندانی توانای تەکنیکیی بەرزی هێرشکارەکان و توانایان بووە بۆ لێدان لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێک بەبێ گرنگیدان بە دەرئەنجامەکان.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە، کە کێڵگە نەوت و گازییەکانی هەرێمی کوردستان تائێستا سیستمی پاراستنی پێویستیان نییە؛ هەربۆیەش کاریگەرییەکی ئەم هێرشانە لێکەوتەی گەورەی ئابووری و زیانی زۆری بەژێرخانی ئەم پیشەسازییە گەیاندووە، تەنانەت کێڵگەی نەوتی شێخان کە لەلایەن کۆمپانیای گەیلف کیستۆن بەریتانییەوە بەڕێوەدەبرێت، بەهۆی مەترسییەکانەوە بڕیاری ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی نەوتی دا، کە تاوەکو ئێستا بەئامانج نەگیراوە.

لەراستیدا کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرێژەی 70% تەنیا زیانی بە کۆمپانیا نەوتییەکان و داهاتی هەرێمی کوردستان لەم کەرتەوە نابێت، بەڵکو کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر پاڵاوگە نەوتییەکان و نرخی بەرهەمە نەوتییەکانی بەتایبەتیش بەنزین دێنێتە ئاراوە لە رۆژانی داهاتوودا، ئەگەر بەخێرایی چارەسەرێک نەدۆزرێتەوە.

ئێستا جگە لە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە و سەرقەڵا لە هەموو کێڵگە نەوتییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنانی نەوت راگیراوە و دیاریش نییە کەی کۆمپانیاکان دەستدەکەنەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت وەکو لە گرافیکی خوارەوەدا هاتووە.

خشتەی دووەم: ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت پێش و پاش درۆن لە 2025

